# هیگل لەدوا یاداشتنامەی ژیانی خۆیدا

(2-1)

هاشم ساڵح

و: ئاوات محەمەد

دەتوانین چیدی دەربارەی هیگل بدۆزینەوە؟ ئایا بەسەدەها، بگرە بەهەزارەها کتێبی لەزمانە جیاجیاکانەوە لەسەر نەنووسراوە؟ شتێک ماوە نەوترابێت؟ ئەمیان ئەو بەرەنگارکارییە توێژەرەوەی فەرەنسی (جاك دۆندت) بەرەورووی دەوەستێتەوە، کەیەکێکە لەگەورە پسپۆرەکانی بواری هیگلیەت، لەم ماوەیەدا لەپاریس پاداشتنامەی تەواوی فەیلەسوفی ئەڵمانی گەورەی بڵاوکردوەوە، واباسی دەکات، هەندێك شتی نوێی هێناوە، پێشتر نەبیستراوە، ئەویش بەهۆی ئەو دۆکیۆمێنتو ئەرشیفەی لەم ماوەیەدا دەربارەی هیگلو تافەکەی دۆزرایەوە کەوێنای باوی هیگڵی رێککردەوە، بەتایبەتی ئەوەی دەڵێت لەتافی لاویدا شۆڕشگێڕبووە، پاش کامڵبوونو پیربوون بووە بەکەسێکی پارێزگارکار، ئەم دۆزراوانە بەڵگەی ئەوەیان تێدایە کەبۆ بیروباوەڕی لیبرالی یەکەمی زۆر بەوەفا بووە، کەهەر لەلاوێیەتییەوە خاوەنی بووە، هەرگیز نەبووەتە تیۆریستی دەوڵەتی بروسی سەرکوتکەر یان کۆنەپەرست، کەئەم بیروڕای زۆربەی نەیارەکانی هەیە هەڵوێستەی لەسەربکەینو لەسەر زۆر ئاست لەسەری بووەستین، ئەم کەسە هەموو تەمەنی لەلیکۆڵینەوە لەسەر هیگلو فەلسەفەکەی بەسەربردووە، لەماوەی ئەم سێ ساڵەدا کۆمەڵێك کتێبی لەسەر هیگل دەرکردووە، کەبووەتە سەرچاوەی گرنگ لەکتێبخانەی فەرەنسیدا، لەوانە: (هیگل لەتافی خۆیدا 1968)، (لەهیگڵەوە بۆ مارکس 1972)، هیگلو فەلسەفەی هیگڵیەت، (هیگڵی نهێنی 1985)، (هیگل، فەیلەسوفی مێژوویی زیندوو 1987)، کەواتە گەواهی کەسێکی وەك جان دۆندت شایستەی گرنگیپێدانە.

نووسەر سەرەتا کتێبەکەی بەدێڕێك شیعری هۆڵدلین، هاوڕێ دڵسۆزی هیگل دەستپێدەکات، ئەم شاعیرە پێشئەوەی ئەقڵی لەدەستبدات، دەڵێت:

هەستدەکەم لەناخمدا ژیانێك هەیە، لەلایەن هیچ خواوەندێکەوە نەخوڵقاوە، ژیانێك پێشتر لەگەڵ هیچ مرۆڤێك لەدایکنەبووبێت، هەستدەکەن ئێمە خۆمان دەدۆزینەوە، بەهەمووانەوە پەیوەست نین (یان بەخواوەندەوە)، ئەگەر لەرێگای خوساتی ئازادەوە بێت..[1].

پاشتر جۆری پەیوەندی نێوان هیگلو هۆلدرلین دەبینین، کەچۆن هەریەکەیان بەشێوازی خۆی خەباتیکردووە، لەپێناو ئایدیالیستیو ئازادیدا، ئەوەی دەربارەی منداڵی هیگل دەیزانین لەساڵی 1770 لەشاری شتوتگارت لەخێزانێکی کەمدەرامەت لەدایکبووە، لەمنداڵیدا تووشی چەندە ئێشوئازار هاتووە، لەیانزە ساڵیدا دایکە خۆشەویستەکەی لەدەستدەدات، برایەکی لەجەنگدا کوژرا، هەروەها ئەو خوشکەی کەبەمەوە زۆر پەیوەست بوو، شێتبوو، ئەمە جگە لەو منداڵە ناشەرعیەی بەهەموو ژیانی بەدەستییەوە دەیناڵاندو دنیایەك سەرئێشەی بۆ دروستکرد، بەڵام پاشتر، ئەم فەیلەسوفە لەرێگەی رێککەوتەوە بوو بەگەورەترین فەیلەسوفی ئەڵمانی، لەوانەیە لەم چاخە نوێیەشماندا، هیگل کەگەیشتە تەمەنی پێگەیشتنی (واتە هەژدە ساڵی) فەرەنسا گەیشتە باڵقبوونی سیاسیی، کەلەساڵی 1789 شۆڕشی گەورەی فەرەنسا سەریهەڵدا، رێچکەی فەلسەفی ئەم هاورێبازی هۆلدرلینی شیعری بوو، یان هاوتای رێبازی مۆسیقی بتهۆڤن رێگای سیاسیی ناپلیۆن، ناپلیۆن چەندە لەبواری جەنگو سیاسەتدا داگیرکاری کرد، هیگڵیش لەبواری فکرو فەلسەفەدا بەهەمان شێوە، پێدەچێت زانستەکانی سەرەتایی زۆر لەرووی فکرییەوە کاریان تێنەکرد.

کاتێك بۆ دووەمجار لەدایکبوو، دەستیکرد بەقسە گەورەکانی، واتە لەو کاتەی فەلسەفەی لەئامێزگرتو بوو بەخولیای یەکەمی، وەك هەموو مرۆڤە گەورەکانی مێژوو هیگل چرکەساتی گۆڕانکاری لەرادەبەدەری خۆی بینی، هەستیکرد سەرلەنوێ لەدایکدەبێتەوە، ئەوەی دەربارەی منداڵییەتی ئەم دەیزانین، لەخێزانێکی پرۆتستانتی لۆسەری لەدایکبووە، خاوەنی باوەڕی جیاوازبوون، ئایین ئامادەییەکی بەهێزی هەبوو، هیگل بەهەموو ژیانی سەر بەمەزهەبی لوسەرییەو پێوەی پەیوەستە، کەخاوەنی مۆرکێکی بەرەنگاربوونەوەی پرۆتستانتەکاندا هەبووە، کەچەندەها جەنگ لەدژی مەزهەبی کاسۆلیکی بەرپادەکات، وەك ئەم دەیگوت ملکەچی دەسەڵاتنو لایەنگری ستەمکارین، بەپێچەوانەی پرۆتستانتی، بەڵام دەکەوێتە رەخنەگرتن لەمیش، لەو کاتەی دەبێتە باوەڕێکی دۆگماو لایەنگر بۆ دەسەڵات، هەرچۆنێك بێت، هیگل لەلاوێتیدا لەژێر کاریگەری بیروڕای تازە دەرکەوتووی ئەو سەردەمەدا بوو، کەبەرۆشنگەری ناسرابوو، لەقۆناغی دواناوەندیدا کتێبەکانی بیریارە رۆشنگەرییەکانی وەك رۆدلف ئاولیسنگو کانتی دەخوێندەوە، بەڵام ئەمەش مانای وانییە کەدەستبەرداری ئایین بووە، یان دژایەتی کردووە، بەڵکو هەستا بەچاککردنی زمانی فەلسەفی تاکو لەگەڵ ئەقڵیەتی گەلدا بگونجێت، ئەو گەلەی تاکو ئێستا رۆشن نەبووەتەوە، لەبەر ئەوە هەستی دەکرد پێویستی بەزمانێکی جوتە کەواتە زمانی ئایینیو فەلسەفی، دواتر سەرکەوتوانە بەهانەی بۆ ئەم کارە هێنایەوە، لەلایەن بەرێوەبەرو مامۆستاکانەوە ئەم داوایەی لێدەکەن، ئەمەش بەڵگەیە بۆ سەرکەوتووی ئەمو باوەڕیان پێی بووە، ناونیشانی گوتارەکەی: باری خراپی هونەرو زانستی تورکەکان، لێرەدا مەبەستی نامەسیحییەکانە، دواتر خۆی بەمامۆستاو بەرپرسەکانیدا هەڵدەواسێت، تاکو کورسییەکی خوێندنی بدەنێ، ئەگەرچی لەلیکۆڵینەوەکەیدا هەڵوێستێکیتری لەئایینی (گریکیو رۆمانی) وەرگرت، وتی پێویستە فرە باوەڕی ئایینی وامان لێبکات، رەخنە لەباوەڕی ئایینی تایبەتیمان بگرین، نەك لەباوەڕی ئەوانیتر، لەوانەیە باوەڕی ئێمە هەمووی هەڵە بێت یان

**لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دابڕان روویدا، فەیلەسوفی ئایدیالیستی لەناکاو کەسایەتی خۆی سەلماند، ئەو پێویستی بەهیچ شتێك نەبوو تاکو خودی خۆی پێبدۆزێتەوە، بەم شێوەیە دەستیکرد بەبڕینی جیهانی هەستپێکراوو خێزانو رۆشنبیریو ئایین، بەشێوەیەکی رۆمانسییانە قسەی لەسەر ئەو دابڕانە دەکرد**

نیوەی راست بێت، لێرەدا دەچێتەسەر هەمان بیریاری رۆشنگەر لیسینگ، کەگوتی هەرسێ ئایینە یەکتاپەرستییەکە دەکرێت راست بن، نەك بەتەنیا ئایینی مەسیحی، ئەم قسەیە لەنێوەندی مەسیحییەکاندا گەورەترین ئابڕوچوونی دروستکرد، ئەوان باوەڕیان وابوو کەتاکە ئایینی راست تەنیا مەسیحیەتە.

بەڵام هیگل چۆن بوو بەفەیلەسوفو بۆچی؟ هیگل چەند وەڵامێکی ئەم پرسیارەی داوەتەوە، ئەویش بەپێی کاتو حەزی خۆی، لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا (فینۆمینۆلۆژیای رۆح)دا وەڵامێکی درێژی ئەم پرسیارە دەداتەوە، لەوێدا هیگل قۆناغەکانی هۆشیاری لەسەرەتاوە تاکۆتایی وەسفدەکات: واتە چۆن لەحاڵەتی گەمژەییو نەزانینەوە دەگاتە حاڵەتی مەعریفەی فەیلەسەفی هەقیقی. یان مەعریفەی موتلەق، بەم شێوەیە باس لەپێشکەوتنی پلەبەپلەی هۆشیاری دەکات، لەکاتی بەئاگاهاتنەوە تادەگاتە ئامانجی کۆتایی، ئەویش بەهۆی ئەو هەستە دوابەدوای یەكو هەڵکشاو، بەمانایەکیتر گەشەی هۆشیاری رووبدات، گەشەیەکی بەردەوامی هەڵکشاو، دەبینین کەهیگل بەبێ هیچ زەختێك دەکەوێتە ژێر کاریگەری کەلتووری ئایدیالیستی، بەهۆشیاری دەستپێدەکات، بەڵکو بەحاڵەتێك بەیەکەمی ماکی هۆشیاری دەزانێت، ئەو لەوێوە دەستپێدەکات کەدەتوانین بەواقعیەتی گەمژە ناودێری بکەین، کەبەشێوەیەکی رەمەکی مۆرکی هەستیاری لەگەڵ هەمان خودی واقعدا یەکانگیر دەبێتەوە، ئەمەش بەباوەڕی رەمەکی بۆبوونی راستەقینەو پاشەڕۆژی جیهان ناوی دەبەین، ئەم سەرەتا شیمانەکراوە بۆ ژیانی هوشیاریو پەرەسەندنی، کەهیگل بەیەقینی هەستپێکراو ناوی دەباتو لێوەی دەستپێدەکات، پاشان لێی هەڵدەگەرێتەوەو لێی دادەبرێت، دەبینین هۆشیاری بۆ قۆناغێکی باڵاتر لەپەرەسەندن دەگوازرێتەوە، واتە قۆناغ ئاوەز یان هەستی هۆشیاری، نەك رەمەکی، قۆناغ بەقۆناغ سەردەکەوێت، تادەگاتە ئاستی هوشیاری فەلسەفی باڵا یان ئەوپەری، ئەم قۆناغەی دوایی بەمەعریفەی موتڵەق ناسراوە، پێش ئەم قۆناغە قۆناغی گرنگ لەهۆشیاری دێت کەبەهونەرو ئایین ناودێری دەکەین، لەم کێبڕکێ گەرمەدا بەرەو رەها، فەلسەفەی ئایین لەدواساتدا نەبێت پێشناکەوێت، چرکەساتی گەیشتن، بەدوا وێستگە، کەوێستگەی تری بەدوادا نایەت.

دەتوانین رەخنە لەم تێڕوانینە بۆ رۆح بگرین، کەبپلەی نەرم پلەبەپلە سەردەکەوێت، ئایین لەقۆناغی پێش کۆتاییدا نایەت، واتە پێش دۆزینەوەی فەلسەفی، بەڵکو لەسەرەتاوە دێت، یەکەم شت منداڵان دەوری دەدەنو پەیمانی لەگەڵ دەبەستن، هیگل ئایینە، نەك یەقینی هەستپێکراو، لەکاتێکدا ئەم دەڵێت کەدینداری لەرێگەی نێوەنداری ناهۆشیاری بۆ هەستیاریو سۆزداری دێت، کەوابێت قۆناغی ئایینی یەکەم قۆناغی هۆشیارییە، هیگل پێش هەمووان ئەمە دەزانێت، چونکە لەخێزانێکی ئایینی پەروەردە بووە، لەو کاتەی بەسەربوونو ژیاندا بەئاگاهاتووە، بەڵام پاش گەورەبوونو پێگەیشتن هەڵوێستی بەرامبەر بەئایین دەگۆڕێت، تەنانەت تا ئەوکاتەی مەیلی ئیلحادی هەبوو، شێوازی ئایینی خۆی پاراستووە، هەر لەژێر کاریگەری کەلتووری ئایینیدا بووە، دواجار پەیوەندی هیگل بەئایینەوە زۆر لەوە ئاڵۆزترە، کەئێمە تێیدەگەین، زۆرجار لەنێوان هەردوو زمانی ئایینیو ئیلحادیدا تێکەڵاویی دروستدەکرد، بەشێوەیەك خوێنەرەکانی جاڕس دەکردو هەراو زەنای دەخستە ئەقڵیانەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دابڕان روویدا، فەیلەسوفی ئایدیالیستی لەناکاو کەسایەتی خۆی سەلماند، ئەو پێویستی بەهیچ شتێك نەبوو تاکو خودی خۆی پێبدۆزێتەوە، بەم شێوەیە دەستیکرد بەبڕینی جیهانی هەستپێکراوو خێزانو رۆشنبیریو ئایین، بەشێوەیەکی رۆمانسییانە قسەی لەسەر ئەو دابڕانە دەکرد: بیرۆکەی سەرەکی پزیشك پێکدەهێنێت بریتییە لەوێناکردنی دەروونی وەك بوونەوەرێکی ئازادو بەشێوەیەکی رەها، لەگەڵ ئەم بوونەوەرە ئازادەدا، کەبەخودی خۆی هوشیارە، هەموو جیهان لەعەدەمەوە سەردەردەهێنێت، ئەمیان یەکەم خەڵقی شیاوە لەعەدەمەوە[2].

لەدواجاردا پێناسەی ئایدیالیستی چییە؟ کێ ئایدیالیستییە؟ کەسێکی میتافیزیکییە، جیهان پێکەوە نانێتەوە، بەڵکو دەیخوڵقێنێت وەك چۆن خودی خۆی دەخوڵقێنێت، تائەوپەری گرنگی، گرنگی بەبیرکردنەوەکان دەدات، هەر ئەویشە مێژوو ئاراستەدەکات، کەسی ئایدیالیستی بیرکردنەوەکان لەواقیعی مادی بەگرنگتر دەزانێت، لەناوەوەی فەیلەسوفی ئایدیالیستیدا واقیع دەخوڵقێت، هەروەها هیچ شتێك لەهەست سەربەخۆ نییە، ئەم بیرکردنەوەیە هیگل لەلاوێتیدا نووسیویەتی، لەوانەیە بەهاوکاری هۆلدرلینو شیلینگ-ی هاوڕێ نووسیبێتێ، ناونیشانی دەقەکەش: پرۆگرامی یەکەمی ئایدیالیستی ئەڵمانی، پرۆفسیۆر جاك دونت دەربارەی ئەم ئاراستە ئایدیالیستیەی هیگل دەڵێتو رەخنە دەگرێت:

ئەم گۆڕانکارییە رادیکاڵەی بەفەلسەفە خۆی دەچوێنێت، پێویستە دابڕانێکی رەها لەگەڵ ئەوەی بەمەرجی فکر یان پێشنیازی ئەوە دابینێین، ئایدیالیستی هەستدەکات خود بەهیچ شتێکی دەرەوەی خۆی کاریگەر نابێت، بەڵکو کاریگەری لەسەر هەموو شتێکی دەرەوەی خۆی کاریگەر نابێت، بەڵکو



هیگل

کاریگەری لەسەر هەموو شتێك دادەنێت، ئەم قسانە هەرەشە لەرۆشنبیریو ئایینو لەجەوهەری خۆیاندا دەکەن. ئایدیالیستی باوەڕی وایە لەهیچ شتێکەوە لەدایك نابێت، بەڵکو هەموو شتێك لەوەوە لەدایکدەبن، لەو کاتەی لەپشت مێزەکەیەوە دانیشتووەو کاغەزی سپی لەبەردەستدایە هەستدەکات دەستی بەسەرهەموو گەردووندا گرتووە، هەستدەکات لەخاڵی سفرەوە دەردەچێت، نکوڵی لەهەموو ئەو دەسکەوتە مێژووییانەی پێشخۆی بەدەستهاتوون دەکات. بەڵام رۆشنبیریو ئایینەکان هەن، زۆر گرنگی بەم بیرکردنەوە ئایدیالیستییە نادات، کەهەستدەکات سەرەتای شتەکانە، دەزانێت شتەکان لەفکیریدا نەبوونن، بەڵام شتەکان بۆ سەردەمی پێش خۆیان دەگەرێنەوە، بەڵام خۆی لادەدات، زۆرجار متمانە بەبارودۆخ دەکات، زیاد لەپێویست متمانەی پێدەکات، لەراستیدا فەلسەفەی هیگڵی کاریگەری نەگەتیڤ دادەنێت، لەدوای رۆژانی ژیانیدا زۆر بەتوندی سەرزەنشتی فەلسەفەکەیان کرد، بەبەهانەی ئەوەی چارەسەرکارە، یان ئیلحادییە یان گێرەشێوێنانەیە، لەگەڵ هەموو ئەو ئاگایانەی نووسەر داینابوو[3].

لەراستیدا ئایدیالیستی هیگل زۆر بەرزو شیاوبوو، لەبەرئەوە بوو خوێندکارەکانی بەوپەری حەزەوە گوێیان لێدەگرت، بەتایبەتی لەزانکۆکانی ینیا، هایدلبرگ یان بەرلین، کاتێك ساڵی 1818 لەزانکۆی بەرلین وانەیەکیدا هەموو ساڵۆنەکەی لەرزاند، ئامادەبوانی بۆ ئاستێکیتر بەرزکردەوە، ئاواپێناسەی فەلسەفەدەکات، سووربوون لەسەر فەلسەفەدان، خۆی بۆ باوەشی فکری رووت دەهاوێژێت، لەبەرئەوەی فکر لەگەڵ خودی خۆیدا تاکە، خۆی دەخاتە دەریایەکەوە کەناری نییە، هەموو رەنگەکان بریقەیان لێدێت، هەموو خاڵەکانی پشتگیری وونبوون، هەموو رووناکییە جوانەکان کوژانەوە، تەنیا یەك ئەستێرەی درەوشاوە ماوەتەوە دەجلیوێنێت، ئەویش ئەستێرەی ناو رۆحە، کەئەستێرەی جەمسەرییە، ئاساییە کەرۆحی یەککگرتوو لەگەڵ خۆی تووشی دانەچۆقینی ترس بێت، چونکە کەرۆح هەوڵی فەلسەفەلێدان دەکات، نازانێت بەکوێ دەگاتو بەچ ئاراستەیەکدا دەڕوات، ئەم

**هیگل لەدەریایەکی بەرینی فکری تێڕامانیدا مەلەی دەکرد، پاپۆرەکەی زیاتر لەجارێك بەملاو ئەولادا دەکەوت، کەدەچووە ناو هەندێك ناوچەی پڕ مەترسییەوە یان لەهێڵە کێشراوەکان دەردەچوو، تووشی زریانو کەشی خراپ دەبوو، بەڵام لەدواچرکەدا دەیهێنایەوە سەر رێگای راست**

فەلسەفەیە، حاڵەتێکە لەدوو دڵی نواندن، لەنەبوونی ئامان لەجێگیری هەموو شتێك[4].

بەم شێوەیە هیگل لەدەریایەکی بەرینی فکری تێڕامانیدا مەلەی دەکرد، پاپۆرەکەی زیاتر لەجارێك بەملاو ئەولادا دەکەوت، کەدەچووە ناو هەندێك ناوچەی پڕ مەترسییەوە یان لەهێڵە کێشراوەکان دەردەچوو، تووشی زریانو گەشی خراپ دەبوو، بەڵام لەدواچرکەدا دەیهێنایەوە سەر رێگای راست، کەمجار هاوسەنگی خۆی یان لەنگەری تێکدەچوو، هیگل لەگەڵ ئایدیالیستە پەرگیرەکەیدا خاوەنی بیرکردنەوەیەکی پراگماتیکی یان واقیعی بەرجەستە بوو.

بەم شێوەیە خۆی لەوەهمکردنو کەوتنەناوی گێژاوی ئەندێشە دەپاراست، وەك ئەوەی ئایدیالیستە خەوخۆشەکان دەیانکرد، ئەگەر ئەو واقیعە مەرجدارە قورسو تۆقێنەرەی بەهەند وەرنەگرتایە، نەدەبووە ئەو فەیلەسوفە گەورەیە، کاریگەری لەسەر سەردەمەکەیو سەردانی دوای خۆی دانەدەنا، ئەو فکرەی کار لەواقیع ناکات یان راڤەو روونی ناکاتەوە، ناکرێت بەفکر ناودێری بکەین، راستە لەرۆحو هۆشەوە یەکەمجار دەردەچێت، بەڵام بۆ ئەوەی یەکسەر لەگەڵ واقیعدا یان ماتریالی واقیعی چڕ یان تاریکدا بەریەککەوتنی هەبێت، فکری راستەقینە یارمەتی خەڵك دەدات لەواقیعی خۆیان بگەن، ئەمە لەرووی دەروونییەوە هێوریان دەکاتەوە، واقیعی زەمەنی هیگلیس قورس بووە، تاڵو دڵڕەق بووە، دەرەبەگی هەرباوبووە، دەمارگیری ئایینی بەربڵاوبووە، ئەڵمانیا پارچە پارچە ببووەو بەدوای یەکگرتنەوەدا دەگەرا، ئەو میرەی حوکمڕانی ئەو ناوچەیەی دەکرد، کەهیگلی تێدا لەدایکبووە، هەموو سیفەتەکانی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، زۆر بەدەسەڵات بووە، دەستبڵاوبووە، مەیلی گەندەڵیو خراپەکاری هەبووە، ئەگەرچی حوکمڕانی وڵاتێکی لۆسەری دەکرد، کەپرۆپستانتەکان بەئاکاری توند ناوبانگیان هەبووە، فەرمانبەرەکانی خۆی ناچاردەکرد ژنو کچەکانیان بۆ ئاهەنگی سەمای ناو کۆشکەکەی بهێنن، هەرچی حەزیلێبوایە هەڵیدەبژارد، بەرهەڵستکارەکانی بێقسەکردنو دادگایی زیندانی دەکرد، بەکورتی ئەڵمانیا هێشتا لەتافی تاریکی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژیا، لەبەرئەوە هیگل چەپڵەی بۆ شۆڕشی فەرەنسی لێدا، ئەم ئومێدی زۆری بەم شۆڕشە بەستبوو.

کاتێك هیگل خوێندنی ئامادەیی تەواوکرد، فرسەتێکی بۆ خوێندنی زانکۆ لەبواری لاهوتدا لەزانکۆی توبنجینی بەناوبانگ دەستکەوت، لەوێدا پێنج ساڵ لەگەڵ هولدرلینو شیلنگ بەسەربرد، کە لەزۆرجاردا هەرسێکیان لەیەك ژووردا دەژیان، کەدواتر بوونە شکۆی ئەڵمانیا، لەوانەیە سەرمان لەوە سوڕبمێنێت، چۆن کەسێك لاهوت بخوێنێتو کۆلێژی لاهوت تەواوبکات، دەبێتە فەیلەسوفێکی گەورە، ئێمە وەهمی ئەوەمان لایە کەلاهوت (واتە زانستی ئایین) دووژمنو رکەبەری یەکەمی فەلسەفەیە، بەڵام لەراستیدا کۆلێژی لاهوت لەئەڵمانیا، زۆر لەکۆلێژی فەلسەفە واوەلاتر چووە، کەبەپێچەوانەی فەرەنساوە کەئەم مردنەی بەتەواوەتی قرتانج، ئەویش بەهۆی ئەو علمانییەتە رادیکاڵەی هەیەتی، نیتشە ئاگایی لەم خاڵە پەیداکرد، کەبیری لەهیگل دەکردەوەو گوتی:

قەشەی پرۆتستانتی باپیرەی یەکەمی فەلسەفەی ئەڵمانییە، هەرخودی پرۆتستانتی بۆخۆی هەڵەیەکی رەسەنە، پێویستە کۆلێژی ئەو مەرگە لەزانکۆی تۆبنگین بهێنینەوە یادمان، تاکو لەفەلسەفەی ئەڵمانی بکەین، کەلەدوا جاردا هیچ نییە، تەنیا لاهوتێکی باوەڕپێهێنەر نەبێت[5].

**پەراوێزەکان:**

1 -لێرەدا ئاماژە بەو کتێبە دەدەین، کەئەم وشەیەی هولدرلینمان لێوەرگرتووە، ئەویش کتێبی: هیگل، یاداشتنامەی ژیانی، لەبڵاوکراوەکانی کالمان، لیفی، پاریس 1998، ل27، نووسەر: جاك دوندت.
n,
Levy.

2 -هەمان سەرچاوە، ل38.

3 -هەمان سەرچاوە، ل38.

4 -هەمان سەرچاوە، ل39.

5 -تەماشای کتێبی (مەسیحی جادووگەر، نوسینی نیتشە) بکە، کەکۆی بەرهەمەکانی بەزمانی فەرەنسی وەرگیراوە، بەتایبەتی برگەی (15).
Frederic Nietzche: Oeuves, Paris, Gailimard, 1974, techrist.